# وڵامێکی کورت بۆ هەڵچونەکەی بەڕێز تەها سلێمان

ئەحمەد عەلی
ahmadali525@hotmail.com

خۆپیشاندانی چەن هەزار کەسی 2005/9/7ی شاری کەلار و هەڵوێستی سەرکوتگەرانەی دامودەزگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بەرامبەر داخوازیەکانی خەڵکی بەشمەینەت و ستەم لێکراوی کەلار ، بۆ چەن ڕۆژێک سەراپای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان داپۆشی ، لەو نێوەشدا دەیــان کەسی ئازادیخواز بە نوسیـــنەکانیان هەڵوێستی جەرێئانەی خۆیان دەربڕی و ئیدانەی تاوانەکانی یەکێتیان کرد بەرامبەر خۆپیـشاندەران و هەندێکیشیان ڕونیان کردەوە ئەم کەمپینە تەبلغاتــیەی یەکێتی بەرامبەر خەڵکی کەلار بۆ داپۆشینی تاوانەکانیەتی ، لە هەمووی سەیر تر و ناشازتر هەڵوێستی ئەو 5 حزبەی کەلار بوو کە لە بەیاننامەیەکدا دەریان بڕی ، سیروان ئەمین یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ڕەخنەی لەهەڵوێستی ئەو 5 حزبە گرت و کاک تەها لە وڵام بە سیروان و لە دیفاع لە حزبی شیوعی کە تیایدا ئەندامە و یەکێکە لـــەو 5 حزبە بابەتێکی بڵاو کردەوە،بە جیاواز لە شێوازی ئەو من لەم نوسینەدا هەوڵ ئەدەم هەندێ پرسیار لەو ئازیزە بکەم و وڵامی دوو مەسەلە بدەمەوە......

1. خوێندنەوەی من بۆ هەڵوێستی ڕیاکارانەی ئەو 5 حزبە و خستنە ڕوی ڕاستیەکانی ناو ئەو بەیاننامە هاوبەشە و بەراورد لە گەڵ قسەکانی کاک تەها سلێمان،

2. هێرشی بێبیانوی تەها بۆ سەرحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وتەشهیرو باسێک کەبە بێ هیچ موناسەبەیەک کردویەتی،

سەرەتا با ئەوە بڵێم لێرە لەئەوروپا سادە ترین و سەرەتایترین مافێک کەخەڵک بە دەستیهێناوە ناڕەزایەتی دەربڕینە بەرامبەر دەسەڵات ، زۆر جار خۆپیشاندەران پەلاماری بازاڕو شوێنەگشتیەکان دەدەن و تێک هەڵچونیش لە گەڵ پۆلیسدا ڕوودەدات ، بەڵام هیچ وەخت وڵامی خۆپیشاندەران بە گولە نادرێتەوە مەگەر کاتێ دەسەڵات ترسی لە ناو چونی هەبێ ،ئاماجێک کە لە 9/7دا خەڵکی کەلار بە دوایەوە بوون کۆمەڵێ داخوازی و پێداویستی سەرەتای بوون من لە گەڵ بە سەرادانی هیچ شوێنێکی گشتی و موڵکی خەڵکدا نیم و پێشم وایە ئەمە زەخیرەیەکی باشی تەبلیغاتی بوو بە دەست یەکێتیەوە ، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە هۆی تەقە کردن لە خۆپیشاندەران، پەلاماردانی شوێنە گشتیەکان نەبوو،1995 هەر لە خۆپیشاندانێکی لەم جۆرەدا (ئەنوەر ڕەزا)لە کەلار بە دەستی چەکدارەکانی یەکێتی کوژرا،لە1999/9/7 ئەحمەد نەجمەدین)کە ئاوارەیەکی کوڵەجۆ بوو لە سەر ئەوەی ڕێگر بوون لەوەی یەکێتی کارەبایان لێ ببڕی هەر بە دەستی ئەوان کوژرا ، ئەی هۆکاری تەقە کردن لەمانە چی بوو؟

ئێستا بەم پێشەکیە کورتەوە دێمە سەر بەیاننامەی هاوبەشی ئەو 5 حزبە .ڕیاکاری لەو بەیاننامەیەدا بەڕۆشنی دیارە،ئەوەی کە ئەو 5 حزبە تەرکیزیان کردۆتە سەری گولە باران کردنی خەڵک نییە،لێدان و سوکایەتی بە ڕێبین تەها نوێنەری خۆپیشاندەران نییە، باسی بریندار 8 کەس نییە،باسی قاچ برینەوەی کاروان 15 ساڵە نییە،باسی دادگایی کردنی تاوانباران نییە،باسی لە سەر کار لابردنی قایمقامی کەلار نییە کە بەر پرسە لەم کارەساتە،

ئامانج لە نوسینی ئەو بەیاننامە تەنها ئەوەیە بڵێن لە بەرئەوەی خەڵک پەلاماری ئەو شوێنانەیان داوە تەقەیان لێکراوە،لەو بەیاننامەدا هاتووە(بەڵام ئەوەی جێی ناڕازییەو ڕەوتی خۆپیشاندانەکەی ناشرین کرد،ئەوەیە کە هەندێ خەڵکی دەرەوەی خۆپیشاندانەکە ئەم هەلەیان قۆستەوەو لە پەناوە هێرشیان بردە سەر هەندێ دامو دەزگای جۆراو جۆر وەک پەروەردە ،پۆلیس، ئاگر کوژاندنەوە،هاتوچۆ، ئازادی لاوان و سەندیکای کرێکاران، وە لە بەرامبەریشدا پۆلیس و ئاسایش بە تەقە لە گەڵ خۆپیشاندەران هەڵدەبژێرن و روبەڕو دەبنەوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەک برینداری لێ دەکەوێتەوە)

پرسیارەکەی من ئەوەیە خاڵی گرنگ و سەرنج راکێش لەو ڕوداوەدا چییە؟گولە باران کردنی خەڵکە یان خۆیان وتەنی تاڵان کردنی ئەو دەزگایانەیە؟ لەو وختەداکە ئەو 5حزبەکۆبونەتە وە هێشتا مەعلوم نەبوو لە بریندارەکان مردوە یان نا،ئایا قیمەتی ئۆتۆمبیلێک کە سوتاندویانە، یان کۆمپیوتەرێک خوێنی ئینسانێکە؟خۆ 4 کۆمپیوتەر تاڵان نەکراوە و 8کەس بریندار کراوە، ئاخر تەها گیان من و تۆش و خەڵکیش یەکێتی ئەناسین،تۆ بڵێی ئێوە یەکێتیتان لە ژێر فشاردا هێنابێ،یان ئەوان ئێوەیان کردە وەسیلەیەک بۆ پاساو دانی تاوانەکەیان؟ ئایا وەختێ ڕێبین تەها کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و ئاسایش خەڵک پەلاماری هیچ کوێی دابوو؟ ئەی ئێوە بۆ لە سەر لێدان لە ڕێبین قسەیەکتان نەبوو؟

دواتر ئێوە ئەوەندە لە ژێر فشاری یەکێتیدا بوونە هەر 2 دێر خوار تری ئەو قسانەی سەرەوەتان دیسان دەڵێن(ئەم جۆرە کارانە ئیدانە دەکەین و پێمان وایە ئەم جۆر وشیوازە نا مەدەنیانە لە بەرامبەر داخوازی و مافە ڕەواکانمان،ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆپیشاندانەکەی بە ئاراستەیەکی خراپ برد و هەوڵەکەمانی ناشیرین کرد) باشە گریمان ئەوانەی کە خۆپیشاندەران کردیان تاوان بوو،بەڵام کام تاوانیان گەورەتر بوو ؟ ئەوی خەڵک یان ئەوەی ئاسایش و پۆلیس؟ئەی بۆ جورئەتی ئەوەتان نەبوو قسەی لە سەر بکەن؟
دواتر ئێوە بە لا دەمێکەوە هاتوون ئیدانەی هەردوو حاڵەتەکە ئەکەن،من پێم سەیرە بۆ داوای دادگایی کردنی تاوانباران ناکەن؟ ئایا هەر بە ڕاستی ئەگەر بە خاتری پاراستنی بەرژەوەندیەکانتان نەبێ،نەک وەک حزبی ئێمە، وەک دەیان نوسەر و ئینسانی ئازادیخواز هەڵوێست ناگرن؟ئەمە چی تەفسیرێکی تر هەڵئەگرێ؟ئەگەر بە ڕاستی لە گەڵ خەڵک بوون ،خۆخەڵک داوای لە سەر کار لابردنی قایمقام و دادگایی کردنی تاوانبارانیان کرد.ئێوە بۆ ئەم فەخرەتان پێ نەبرا؟یان باشترە بڵێین ئەو هەوڵەی یەکێتی لە پاڵ ئەوانەی تریدایە بۆ ڕیسوا کردنی خەڵکی کەلار و بە ناڕەوا لە قەڵەم دانی نەفرەتی خەڵک لێیان،بۆ ئەم
کارەش ئێوەشی
کردە شەریکی خۆی،

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە ، زمانێک کە ئەو برادەرە بە کاری هێـناوە لەو نوسیـــنەدا نزمترە لە ئاستی تەها ئەوەندەی من بیناسم ، هەڵچـــوون و تەنگە نەفەسیـــەکی لە ڕادە بە دەر بە نوسیـــنەکەیەوە دیارە و هێرشێکی بێ ئینســافانە ئەکاتە سەر حــزبی ئێمە،کەس نەزانێ ،ئەو لە زۆر کەس باشتر ئێمە و مێژوی ئێمە لەو ناوچەیە دەزانێ، ئایا هەر بە ڕاستی خەڵک ئێمەی لە کەلار بەردەباران کرد؟ئەی نەزەری ئەو کاتەشت هەر ئەمە بوو؟ باشە خۆ ئێمە نزیک بووین و ئەو کاتەش قسەمان کرد،بەڵام پێت وا بوو ئەوانە خەڵک بن؟ بۆ ئێـستا حاکمێکی عادل نیت؟ ئەوە کێشەی ئێمەو ئیسلامـیەکان بوو بە پاڵپشتی یەکێتـی یان کێشەی ئێمەو خەڵک بوو؟خۆ یەکێک لەو برادەرانەی یەکێتی ماڵیئاوابێ ئەو کاتە وتی لە سەر ئەو ە ڕەخنەی توندمان لێ گیراوە کە چووینە پشتی ئیسلامیەکان، زۆر نا با ئەوەندەی ئەوت لــــە دەس بهاتایە، ئایاکەس هەیە بتوانێ حاشا لەجەرائەتی کۆمۆنیستەکان بکا؟نەک دۆستەکانمان دوژنەکانیشمان ؟ئیمەیەک کە سڵمان لە هیچ شتیک نە ئەکردەوە زیندانەکان ماڵی ئیمە بوو،کامە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی هەبوو بێ ئێمە؟ من باش لەوە تێ

ئەگەم واقعی بوون لای تۆ چی مانایەکی هەیە، هەر لەم هەڵوێستەتانەوە بیگری کە پێتان وایە واقعیە ،دەبێ ببنە داردەستی هەدو حزبەکە و بە کارهێنانتان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان ودژی خەڵک،یا هەر بە ڕاستی واقعی بوون لای ئێوە ئەم هەڵوێستانەیە؟ئیمەش بۆ ئەوەی واقعی بین ئەبێ وەک ئەم کارەتان بکەین؟بە ڕاستی ئەمە جورئەتی ئەوێ و ئێمە پێمان ناکرێ،
حزبی ئێمە کلکایەتی ناکا ، حزبی ئێمە سەری بۆ هیچ سیاسەتێکی دژی خەڵکی نالەقێنێ ، ئێمە پێمان وا نیە بە سوڵح و سەفا ئاڵو گۆڕ لە ژیانی خەڵکدا بکرێ ، ئێمە ئامادە نین لە بارەگاکانماندا لە پرسەکانماندا (مەلایەک بێنین و قورئانی پیرۆز)مان بۆ بخوێنێ ، ئێمە ڕەمەزانان کولیچە دابەشناکەین و ڕەخنەی توندمان لە پێشێل کردنی ئازادی تاکەکـانی کۆمەڵگا دەگرین و جەژنە پیرۆزەش لە کەس ناکەین ، ئێمە دەمانزانی وردە گلەیی هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ ، هەڵوێستی ئێمە هەڵوێستێک بووەو هەیە کەلە بەرژەوەندی خەڵکدایە، بەڵام ئەوەشـمان دەزانی کە هەڵسوڕان لەو کۆمەڵگایەدا بە قیـمەتی خوێن و ژیانمانە ،ئێمە قەت ئامادە نەبوین سازش لە سەر ئارەزوو خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکەین،

یەکێک لەو قسانەی کە کاک تەها پێی وایە زوعفی ئێمەیە ئەڵێ ئێوە ئاگاتان لە مەسەلەکان نیە و قسە فرێ ئەدەن ، من نازانم بە ئاگا بون چۆنە ، ئەی مەگەر ڕابەرانی خۆپیشاندانەکە لەزمانی خۆیانەوە گوێمان لێیان نەبوو؟ ئەی مەگەر خۆیان شتیان نەنوسی ؟ئەی مەگەر هاوڕێکانمان لە وێ نەبوون؟ لە شوێنێکی تردا دەڵێ گاڵتە جاڕیتان تۆمار کرد کە نەتانتوانی هیچ بچننەوە ، ئەگەر بە تەمەن بێ ئەوا ئێوە لە چاو ئێمەدا شکور ڕیش سپین ، ئێمە زۆرمان مـــاوە بەو تەمەنەی ئێوە بگەین جارێ ، باشترە ئەو ڕەخنەیە لە خۆتان بگری تەها گیان ، ڕاستـــیەکەی من نامەوێ لە سەر هەموو قسەکانت قسە بکەم و هەوڵم دا هەم دۆستانە و هەم بە پرەنسیب وڵامت بدەمەوە